سوره 91: الشمس

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا ﴿1﴾

سوێند بە خۆرو تیشکەکانی.

وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا ﴿2﴾

وە بە مانگ، کە بە شوێنیدا، دێت و (ڕووناکی لەو وەردە گرت).

وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا ﴿3﴾

وە بە کاتی ڕۆژ کە خۆری تیا دەردەکەوت.

وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا ﴿4﴾

وە بە شەو کە ڕووناکی دادەپۆشێت (لە سەرئەنجامی سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا ئەم دیاردانە ڕوودەدات).

وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا ﴿5﴾

وە سوێند بە ئاسمان و بەو زاتە بەدەسەڵاتەی دروستی کردووە.

وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا ﴿6﴾

وە بە زەوی و بەو زاتەی کە شوەی هێلکەیی بەدی هێناوە.

وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا ﴿7﴾

وە سوێند بە نەفس و دڵ و دەروون و ئەو زاتەی کە بە ڕێکو پێکی بەدی هێناوە.

فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا ﴿8﴾

وە توانای خراپەو چاکەو، خوانەناسی و خواناسی  تیا دابینکردووە.

قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا ﴿9﴾

(سوێند بەوانە هەمووی) ئەو کەسە سەرفەرازە کە نەفسی پاك و پوختە دەکاو ئیمان و ترسی خوای تیا دەڕوێنێت.

وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا ﴿10﴾

بەڕاستی ئەو کەسەش ناپوختی دەکات و ئالودەی گوناهو تاوان و خراپەی دەکات، خەجاڵەت و نائومێدو بێهیواو زەرەرمەندە.

كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَاهَا ﴿11﴾

جا (ثمود) قەومی ( صالح پێغەمبەر، لەو دەستە دواینەن) بەهۆی سەرکەشی و یاخیبونیانەوە (هەموو راستیەکانیان بە درۆ خستەوە).

إِذِ انبَعَثَ أَشْقَاهَا ﴿12﴾

بە پەلە، شەقاوەو ناپوخت و خوانەناسترین کەسیان نارد (بۆ سەربڕینی وشترە (معجزة)کە).

فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ نَاقَةَ اللَّهِ وَسُقْيَاهَا ﴿13﴾

پێغەمبەری خوا ( صالح) پێی ووتن: ئەمە وشتری خوایە، (خۆتان دەزانن لەسەر داخوازی خۆتان وەکو (معجزة)یەك پەیدا بووە، مۆڵەتی بدەن لە ڕۆژی دیاری کراوی خۆیدا ئاو بخواتەوە.

فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنبِهِمْ فَسَوَّاهَا ﴿14﴾

کەچی بەدرۆیان خستەوەو وشترەکەیان سەربڕی.

وَلَا يَخَافُ عُقْبَاهَا ﴿15﴾

ئەوسا ئیتر پەروەردگاریان وڵاتی کاولکردن و لەگەڵ زەویدا تەختی کرد بەسەریانداو کەسیان ڕزگاری نەبوو بەهۆی بەهۆی گوناهو تاوانیانەوە.

(وە خوای بەدەسە ت) لە سەرئەنجامی ئەو کارەیشی ناترسێت.